گـۆڤـاری زانـكۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(4).Paper16

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠١/٢٠
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٣/٠٣/٣٠
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/٠٨/٢٩

# بەكارهێنانی تەكنیكەكانی میدیای نوێ بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لەلایەن ڕۆژنامەنوسانی كەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەكانەوە

## (توێژینەوەیەكی ڕوپێوییە)

ئاكۆ عەلی عومەر[1] - هەردەوان مەحمود كاكەشێخ[2]

hardawan@su.edu.krd - ako.omar@su.edu.krd

[1+2]بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

### پوختە

میدیای نوێ لە ئێستادا بەربڵاوترین جۆری میدیایە و لە سەرانسەری دونیادا بەكارهێنەری هەیە و ڕۆژانە ئاگاداری گۆڕانكاریی و پێشـــكەوتنەكانی ئەو جۆرە میدیا نوێیەین، بەڵام هێشـــتا لێڵی و ناڕوونییەك لە بەكارهێنان و ســـودوەرگرتن لە تەكنیەكانی میدیای نوێ لەلایەن ڕۆژنامەنوســـانی كەناڵە ئاســـمانییە هەواڵییەكـان هەیە لە گەیـانـدنی هەواڵ و زانیـارییەكـانـدا. هەروەهـا بۆ زانینی ئەوەی ئـایـا میـدیـاكـاران بەشـــێوەیەكی دروســـت و پێویســـت، لەگەڵ گەشـــەســـەندنی ئەو تەكنیكانە هەنگاویان ناوە و كەڵكیان لێوەرگرتوە، یان هەر لە شـــێوازی كۆنی وەك میدیای كلاســـیكدا ماونەتەوە و گۆڕانكارییەكانی بواری میدیای نوێ كاریگەری لەسەریان نەبوە و بەشێوەیەكی باش گرنگییان پێنەداوە. زۆربونی ئەو ئەپانەی، كە ڕۆژنامەنوســـان بەكاریدەهێنن وەك تەكنیكی میدیای نوێ، جیاكردنەوە و هەڵبژاردنی گونجاوترینیان پێویستییان بە ئەنجامدانی ڕێگەیەكی زانستی وەك توێژینەوە هەیە تاوەكو ئەو لێڵی و ناڕونییە بەشێوەكی دروست نەمێنێت.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی ئاســـتی بەكارهێنان و شـــارەزایی تەكنیكەكانی میدیای نوێ لەلایەن ڕۆژنامەنوســـانی كەناڵە ئاســـمانییە هەواڵییە كوردییەكانەوە، لە ڕێگەی وەرگرتنی ســـامپڵێك لە پەیامنێرانی ئەو كەناڵە ئاســـمانییانە، كە ئاماژە بەشـــێوازی بەكارهێنان و هەڵبژاردنی ئەپە گونجاوەكان وەك تەكنیكی

میدیای نوێ دەكرێت. جۆری توێژینەوەكە وەسفییە و ڕێبازی ڕوپێوی بەكارهاتوە. لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە بەسەر (84) پەیامنێری كەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەكاندا دابەشكراوە، هەروەها سامپڵەكە بەشێوەی مەبەستدار لە كەناڵە ئاسمانییەكان وەرگیراوە و لەو ڕێگەیەوە پێوانەی ڕای پەیامنێران كراوە لە ماوەی سێ مانگ و لە ڕێككەوتی 2022/7/1 تاوەكو 2022/10/1 ئەنجامدراوە.

لە توێژینەوەكە چەند ئەنجامێك بەدەستهاتون، لە گرنگترینیان، كە توێژەر پێیگەیشتوە ئەوەییە، زۆربەی زۆری ئەو ئەو ڕۆژنامەنوسانەی لە كەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەكان وەک پەیامنێر كاردەكەن لە هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆسن. هەروەها زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەكە، بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەكانیان ئەپی واتساپ بەكاردەهێنن و لە پلەی یەكەمی ئەپەكانی دیكەوە دێت. لە كۆتایی توێژینەوەكە چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەكیش خراونەتەڕو.

**كلیلە وشەكان**: میدیای نوێ، هەواڵ، زانیاری، پەیامنێر، كەناڵە ئاسمانییەكان

## ١. پێشەكی

شتێكی ڕونە لەگەڵ هاتنەكایەی هەر ئامرازێكی ڕاگەیاندن، كۆمەڵگەكان بەجۆرێك لەجۆرەكان وەڵامدانەوەیان بۆ ئەو ئامرازەی ڕاگەیاندن هەبوە، كە هەندێكجار وەڵامدانەوەكە بەشێوەیەكی خێرا بوە و هەندێكجاری تر ماوەیەكی ویستوە تاكو خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو ئامرازە نوێیە، كە لە هەر قۆناغ و سەردەمێكدا جۆرێك لە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن دەركەوتون، وەک لەسەرەتا ڕۆژنامە و دواتر ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ئێستاش میدیای نوێ.

دەركەوتنی میدیای نوێ بەشێوەیەكی گشتی كاریگەریان هەبوە لەسەر بەرەوپێشبردنی بواری ڕۆژنامەنوسی و بەرەوپێشبردنی كاری ڕۆژنامەنوسان، ئەگەرچی هەندێكجار میدیای نوێ كاریگەری نەرێنی لەسەر بوارەكە بەجێهێشتوە، بۆیە دەكرێت بوترێ دەركەوتنی میدیای نوێ ڕەنگدانەوەی پێداویستیەكانی سەردەمە بۆ ئەو میدیا نوێیە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕوی تیۆرییەوە، ئەوەیە كە بەشێوەیەكی زانستی تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان بەكارهێنانی تەكنیكەكانی میدیای نوێ لەگەڵ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری، هەروەها ئاماژەدانە بەخاڵە بەهێز و لاوازەكانی تەكنیكەكانی میدیای نوێیە لە چۆنیەتی كەڵک لێوەرگرتنیان لەلایەن میدیاكارانی كەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەكانەوە. لە ڕوی پراكتیكیشەوە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، دەبێتە سەرچاوەیەكی یارمەتیدەر بۆ كەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە كوردییەكان و میدیاكاران، تاوەكو لەكاتی و ئەزمونكردنی پیشەكەیان، هەنگاوی دروست و زانستی دابڕێژن لەسەر بنەمای ئەنجامە بەدەستهاتوە زانستییەكانی ئەم توێژینەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتوە، کە هەر بەشێک چەند تەوەرێک لەخۆ دەگرێت. بەشی یەکەم لە چوارچێوەی زانستی توێژینەوە و ڕەهەندەکانی توێژینەوە پێکهاتوە، بەشی دوەمیش لە دو تەوەر پێکهاتوە، تەوەری یەکەم باس لە میدیای نوێ و تەکنیکەکانی کراوە، تەوەری دوەمیش بریتییە لە تەلەڤزیۆن و پەیامنێری تەلەڤزیۆنی. هەروەها بەشی سێیەم لایەنی پراکتیکی توێژینەوەیە و دو تەوەر لەخۆدەگرێت، تەوەری یەکەم بریتییە لە ڕێکارەکانی لایەنی پراکتیکی توێژینەوە و تەوەری دوەمیش باس لە خستنەڕوی زانیارییەکانی فۆڕی ڕاپرسی و شیکردنەوەی خشتەکان دەکات.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر سودی لە چەند سەرچاوەی زانستی تایبەت بە توێژینەوەکە وەرگرتوە و لە کۆتاییدا چەند دەرئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەیەکیشی خستوەتەڕو.

## ٢. ڕەهەندەکانی توێژینەوە

١. کێشەی توێژینەوە: کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، لەگەڵ هەبون و پێشکەوتنی هەمو ئەو تەکنیکە نوێیانەی فۆرمەکانی میدیای نوێ کە هاتونەتە ئاراوە، هێشتا ناڕونییەک هەیە لە کەڵک وەرگرتن لەم تەکنیکانە بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لەلایەن ڕۆژنامەنوسانی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکانەوە. ناڕونی هەیە لەوەی کە ئایا میدیاکاران بەشێوەیەکی دروست و پێویست، لەگەڵ گەشەسەندنی ئەو تەکنیکانە هەنگاویان ناوەو سود و کەڵکیان لێوەرگرتوە؟ یاخود هەر لە چوارچێوەی میدیای کلاسیکدا ماونەتەوە و گۆڕانکارییەکانی بواری میدیا بەگشتی و میدیای نوێ بەتایبەتی کاری لێنەکردون و گرنگییان پێنەداوە.

٢. گرنگی توێژینەوە: یەکەم: لەڕوی تیۆرییەوە، ئەوەیە کە بەشێوەیەکی زانستی تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ لەگەڵ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری، هەروەها ئاماژەدانە بەخاڵە بەهێزو لاوازەکانی تەکنیکەکانی میدیای نوێیە لە چۆنیەتی کەڵک لێوەرگرتنیان لەلایەن میدیاکارانی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکانەوە.

دوەم: لە ڕوی پراکتیکییەوە، ئەوەیە کە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی یارمەتیدەر بۆ کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکان و میدیاکاران، تاوەکو لەکاتی ئەزمونکردنی پیشەکەیان، هەنگاوی دروست و زانستی دابرێژن لەسەر بنەمای ئەنجامە بەدەستهاتوە زانستییەکانی ئەم توێژینەوە.

٣. ئامانجەکانی توێژینەوە: مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە زانستییەکان، بەدەستهێنان و گەیشتنە بە چەند ئامانجێک، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە خستەڕوی ڕۆڵی تەکنیکەکانی میدیای نوێ لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییدا، هەروەها چەند ئامانجێکی لاوەکیش هەیە کە لەم خاڵانەدا دەیانخەینە ڕو:-

- خستنەڕوی گرنگی و تایبەتمەندی شێوازە جیاوازەکانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییدا.

- خستنەڕوی ڕۆڵی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ، لە کەمکردنەوەی کات و تێچون لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییدا.

- دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم میدیاکاران لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییدا.

- خستنەڕوی ئاست و شارەزایی و زانیاری میدیاکاران لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکاندا.

٤. پرسیارەکانی توێژینەوە: هەر توێژینەوەیەکی زانستی کە ئەنجام دەدرێت، دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە مەبەستی توێژینەوەکەی لەسەر بنیاد نراوە، پرسیارەکان بەپێی بابەتی توێژینەوە زۆر و کەم دەکەن، یاخود هێندەی ژمارەی ئەو وەڵامانەی کە توێژینەوەکە بەدوایدا دەگەڕێت، دەبێت پرسیارەکان دروست ببن، لێرەدا نمونەی چەند پرسیارێک دەخەینەڕو تاکو توێژینەوە وەڵامیان بداتەوە:

- ڕۆڵی تەکنیکەکانی میدیای نوێ لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری چییە؟

- چۆن تایبەتمەندی شێوازە جیاوازەکانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لە میدیا باوەکانی پێش خۆی جیادەکرێنەوە؟

- ئایا بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ، چ ڕۆڵێکی لە کەمکردنەوەی کات و تێچون لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییدا هەیە؟

- ئەو ئاستەنگانە چین کە دێنە بەردەم میدیاکاران لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری؟

- ئاست و شارەزایی و زانیاری میدیاکاران لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکان لە چ قۆناغێکدایە؟

٥. کۆمەڵگەی توێژینەوە: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم پەیامنێرانی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکان.

٦. سامپڵی توێژینەوە: سامپڵی توێژنەوەکە بریتییە لە دابەشکردنی (٨٤) فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر ئەو پەیامنێرانەی، کە هەواڵ و زانیاری دەگەیەنن لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکان، کە بارەگای کەناڵ یان نوسینگەکەنیان لە هەردو شاری هەولێر و سلێمانییە و لە ماوەی سێ مانگ لە ڕێککەوتی 2022/7/1 تاوەکو 2022/10/1 ئەنجامدراوە.

## تەکنیکەکانی میدیای نوێ و هەواڵی تەلەڤزیۆن

## میدیای نوێ و تەکنیکەکانی

### ١. چەمکی میدیای نوێ

میدیای نوێ، چەمکێکە هەمو ئەو پەیوەندی و زانیارییە ژمارەییانە دەگرێتەوە، کە لەتوانای دایە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و بەکارهێنان و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەخۆبگرێت و هەڵبژاردن دەداتە دەست خۆمان، کە بە چ کات و شێوازێک دەمانەوێت بەکاری بهێنین، لە ڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە، کە بەسترابێتەوە بە هێڵی ئینتەرنێت، یان بەبێ هێڵی ئینتەرنێت، ئەم چەمکە بە چەندین جۆر لە گۆڤار و سەرچاوەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندن ڕونکراوەتەوە، لە گۆڤاری (بی سی) بۆ میدیای نوێ بەم جۆرە باسی چەمکی میدیای نوێی کردوە: شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیوەندی، کە خۆی لە بڵاوکردنەوەی تۆماری ئەلیکترۆنی و دی ڤی دی بەشێوەیەکی گرنگتر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەخاتەڕو. (نبیح 2019، 76)

میدیای نوێ بەوە جیادەکرێتەوە، کە میدیایەکی فرەژانرە (Multimedia) ئەمەش بەو مانایەی زانیارییەکان بەشێوەی نوسین و وێنە و ڤیدیۆ بەیەکەوە پەخش دەکرێت، وا لە زانیارییەکە دەکات زیاتر بەهێز و کاریگەر بێت، ئەو زانیارییانە، زانیاری ژمارەیین، ئامادەکردن، دەستکاریکردن، گواستنەوە و هەڵگرتنی بە شێوەی ئەلیکترۆنی دەبێت، هەروەها میدیای نوێ بەوە جیادەکرێتەوە، هەمەجۆرە لە ڕوی ئامرازەوە و بە شێوەیەکی ئاسانیش بەکاردەهێنرێت. ئەو تایبەتمەندییانەی میدیا بەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردادێت لە ڕێگەی جێپەنجەی کاری تایبەتەوە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. (شیخانی 2010، 29)

لەگەڵ ئەمانەش، میدیای نوێ سیفەتی میدیای گواستنەوەی ڕاستەوخۆ (Online Media)ی وەرگرتوە، کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێتەوە پەخش دەرکرێت، میدیای نوێ بەهۆی گەیشتن بەو ئامانجانەی بەدەستیهێناوە بەوە جیادەکرێتەوە، کە بازدانێکی بۆ زانیارییەکان هاوێشتوە، بۆیە سیفەتی میدیای زانیاری (Info Media)ی وەرگرتوە، لە نێوان کۆمپیوتەر و پەیوەندی، کە پشتی بە تەکنەلۆژیای زانیارییەکان بەستوە، هەروەها میدیای نوێ ناوی دیکەشی وەرگرتوە، وەک میدیای ئامرازەکانی تۆمارکراو (Hypermedia)، کە بەڵگەیە لەسەر بەکارهێنانی هەندێک لینکی هاوپێچ، لەهەمانکاتدا میدیای فرە ژانرە (Multimedia) بەو مانایەی هەرسێ ئامرازەکە لە یەک کاتدا واتە نوسین و وێنە و ڤیدیۆی تێدا بەکاردێت. میدیای نوێ بوەتە چەمکێک لەسەر ژینگەی میدیایەکی فراوان، کۆمەڵگەیەکی کارا بەشداری تێدا دەکات، کە تەنیا لەسەر کتێب و خوێندنەوەی ڕۆژنامە ناوەستێت، بەڵکو هەمو دەرگاکانی کردوەتەوە بۆ ئەوەی هەمو کەس بتوانێت بیروڕا، خەم، خۆشی و کارەکانی ژیانی لەگەڵ کەسانی دیکە ئاڵوگۆڕ پێبکات، لە ڕێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرنجڕاکێش و زیندو، لەبەر ئەوە ئاماژەی ئەوەش هەیە، کە داهاتوی ڕاگەیاندن

ئەوەیە، کە بە داهاتوی تۆڕی کارلێکراو ناودەبرێت، بەڵام میدیای نوێ یان جێگرەوە هێشتا بۆ جیهان ڕون نییە. (سکیک 2014، 52)

## ٢. چەمکە جیاوازەکانی میدیای نوێ

میدیای نوێ لە ئەنجامی ئاوێتەبونی (Convergence) تەکنەلۆژیای گەیاندن و پەخشی نوێ و کلاسیکی و کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی هاتوەتە ئاراوە و تا ئێستاش خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی بەتەواوی دەرنەکەوتوە، بەکاربردنی چەمکی میدیای نوێش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەمجۆرە میدیایە ئامرازەکانی لەمیدیای باو "کلاسیک" ناچن و تەواو جیاوازن. بۆیە میدیای نوێ بە چەند ناوی جیاواز هاتوە، ئەم فرە ناولێنانەش گوزارشتە بۆ بەکارهێنانە نوێیەکانی ئەمجۆرە میدیایە. (ە. کاکەشێخ 2015، 16)

بەشێک لەو ناوە جیاوازانەش کە بۆ میدیای نوێ بەکاردێن ئەمانەی خوارەوەن:

– میدیای دیجیتاڵی (Digital Media): ئەم چەمکە وەکو وەسفێکە بۆ ئەمجۆرە میدیایە، کە سود لە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی وەک: تەلەڤزیۆن و ڕادیۆی دیجیتاڵ.. هتد وەردەگرێت. یان ئاماژەیەکە بۆ ئامرازێکی میدیایی، کە ئاوێتەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە. (السید 2006، 45)

– میدیای سەرهێڵ (Online Media): واتە ئەو جۆرە میدیایەی، کە هێڵەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردن پشت بەستوە بە وێب تەکنەلۆژی و تۆڕەکانی پەیوەندیکردنەوە. (ناصر، نظریات الاعلام 2015، 54)

– میدیای کارلێککردن (Interactive Media): بنچینەی ئەم چەمکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕێژەیەکی زۆر لە بەخشین و وەرگرتن واتە'کارلێککردن" لە نێوان بەشداربوەکانی ئەمجۆرە میدیایە بەدی دەکرێت. (الدعمي 2017، 62)

– میدیای زانیاری (Info Media): ئەم چەمکەش گوزارشتە بۆ ئاوێتەبونی کۆمپیوتەر و گەیاندن و سەرهەڵدانی سیستەمێکی میدیایی نوێ، کە سود لە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان وەردەگرێت. (عبدالهادي 2014، 44)

– میدیای ڕایەڵەیی (HyperMedia): چەمکی میدیای زانیاری بۆ ئەو سروشتە ڕایەڵەییە دەگەڕێتەوە، کە لەم جۆرە میدیایە بەرجەستەبوە، واتە بونی توانای بونیادنانی ڕایەڵە و تۆڕی زانیاری گرێدراوی هەیە بەهۆی هایپەرلینکەوە "Hyperlinks" (شعبان 2008، 59)

– میدیای سایبەر (Cyber Media): ئەم چەمکە لە فەزای سایبەرەوە "Cyber Space" هاتوە، کە وڵیەم گیپسنی نوسەری چیرۆکی خەیاڵە زانستییەکان ساڵی1984 بەکاریهێنا لەچیرۆکەکانیدا. (محمود 2011، 25)

## ٣. تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ

میدیای نویَ لە زۆر ڕووەوە هەمان تایبەتمەندی میدیای باو"کلاسیکی" هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا میدیای نویَ هەندێک تایبەتمەندی دیکەی هەیە وایکردوە، کە کاریگەرییەکەی بسەپێنێت لەسەر پەیوەندییە مرۆییەکان، دیارترین ئەو تایبەتمەندیانەش:

– کارلێککردن: تاکەکان لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا "وەرگر و خوێنەرە" لە هەمان کاتیشدا "نێرەر و نوسەر" و "بەشداربو"یشە. واتە کارلێککردن توانایەکی ئامرازە نوێیەکانی گەیاندنە، کە ئەمەش وایکردوە وەڵامدانەوەی بەکارهێنەر هاوشێوەی پرۆسەی گفتوگۆکردن"دیبەیت" بێت لەنێوان دو کەس. ئەم تایبەتمەنییەش ڕەهەندێکی گەیاندنی نوێی بەخشیوەتە ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری، چونکە پێشتر کارلێککردن تەنها لە چوارچێوەی فیدباک بۆ ناوەڕۆکی بابەتە بڵاوکراوەکاندا بو، لەبەرئەوەی پرۆسەی گەیاندن بەیەک ئاراستەبو، واتە لە "نێرەر بۆ وەرگر". (سالح 2019، 87)

– ناجەماوەری بون: پەیام لە میدیای نوێدا دەکرێت ئاراستەی کەسێک یان کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو بکرێت، بە پێچەوانەی پەیامی میدیایی پێشو، کە ئاراستەی جەماوەرێکی زۆر و فراوان دەکرا. واتە ڕاددەی کۆنترۆڵکردن لە سیستەمی گەیاندنی پەیامی میدیاییدا بە جۆرێک پەیامەکە ڕاستەوخۆ لە "نوسەرەوە" بگاتە "خوێنەر". (المشابة 2001، 21)

– تەواوکاری: واتە بەکارهێنەر دەتوانێت ئەو بابەتانەی مەبەستییەتی لای خۆی سەیڤیان بکات و هەڵیانبگرێت لە ڕێگەی پۆستەی ئەلیکترۆنییەوە، چونکە سیستەمی دیجیتاڵی شێوازی خستنەڕو هەروەها دەرفەتی هەڵگرتنی زانیارییەکان دەڕەخسێت لەو کاتەی، کە بەکارهێنەر تەماشای بابەتەکان دەکات. (أمین 2015، 91)

– تایبەتمەندی گەڕۆکی: ئامرازەکانی میدیای نویَ گەڕۆکن، واتە بەکارهێنەر دەتوانێت کەڵکیان لێوەربگرێت لە هەمو شوێنەکاندا وەک: تەلەفۆنە زیرەکەکان، تەلەفۆنی ناو ئۆتۆمبێل، تەلەفۆنی ناو کاتژمێری دەستی، کامێرا فۆتۆگرافی و ڤیدیۆییە بچوکەکان، کە کێشیان تەنها چەند گرامێکە، هەروەها ئامێری پرێنتەری گەڕۆک. (الکافی 2015، 21)

– ناهاوڕێک بون: واتە توانای کارلێککردن لە پرۆسەی گەیاندن لە کاتی گونجاو و لەباردا بۆ تاک، چ وەکو نێرەر چ وەکو وەرگر. (حسین 2011، 187)

– تێپەڕاندنی پێوەری شوێن و کات: ئینتەرنێت و وێب تەکنەلۆژی لە هەمو کات و شوێنێک بوار ڕەخساوە بۆ بەکارهێنانی، واتە بەکارهێنەر لەم جۆرە میدیایەدا وابەستە نییە بە کات و شوێنی دیاریکراوەوە لە پرۆسەی گەیاندندا.

- ئازادی ڕادەربڕین: میدیای نوێ ئازادی ڕادەربڕینی کردە "فاکت" چونکە هەمو کەسێک دەتوانێت پەیامی خۆی بەوپەڕی ئازادییەوە ئاراستەی جیهان بکات. (الخطاب 2010، 35)

## ٤. تەکنیکەکانی میدیای نوێ

مەبەست لە تەکنیکەکانی میدیای نوێ سەرجەم ئەو کردە و پرۆسە ئەلیکترۆنییانەیە، کە لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنە جیاوازەکانی میدیای نوێوە ئەنجام دەدرێن و کاری گرنگ ئەنجامدەدەن بۆ ڕۆژنامەنوسان، وەک تایبەتمەندی، لایڤ، ناردنی وێنە، تێکست، ڤیدیۆ، ڤۆیس... هتد. ئەم تەکنیکانەش لە ئەپێکەوە بۆ ئەپێکی دیکە جیاوازە، لە خوارەوە باس لە گرنگترین ئەو ئەپانە دەکەین، کە ڕۆژنامەنوسان کەڵک لە تەکنیکەکانیان وەردەگرن لەکاتی ڕوماڵ و گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان:

### یەکەم: واتساپ (WhatsApp)

ئەپی واتساپ لە ساڵی (٢٠٠٩)ەوە دەرکەوت، یەکەم ئەپە لەو شێوازە ئەپانەی کە هەیە، ئەپەکە ناردنی نامە و (چات) گفتوگۆ و هاوبەشییپێکردنی ئامرازەکانی دەنگ و ڤیدیۆی لە نێوان تاک و گروپەکان فەراهەم کرد. زۆربەی بەکارهێنەرانی لە ئەوروپا و هیندستان و ئەمەریکا لاتینییە و خاوەنداریەتی (کۆمپانیای فەیسبوکە) بونی ئەپەکە بۆ بەکارهێنەرانی گرنگی خۆی هەیە و ژمارەی بەکارهێنەرانی واتساپ مانگانە بە نزیکەی (٧٠٠) ملیۆن بەکارهێنەری چالاک دەخەمڵێندرێت و لە (١٠٩) دەوڵەت بەکاردەهێنرێت. ڕۆژانە نزیکەی (٣٢٠) ملیۆن بەکارهێنەری چالاکی هەیە، کە بەهۆیەوە (٤٢) ملیار نامەی نوسراو و (١،٦) ملیار وێنە لەنێوان بەکارهێنەرانی لە ڕێگەی ئەم ئەپەوە هاوبەشی پێدەکرێت. هەروەها ڕۆژانە ملیۆنێک کەس خۆیان لە واتساپ تۆمار دەکەن.(w. company 2023)

وشەی (واتساپ) وشەیەکی گشتیی و نافەرمییە، بۆ پرسیارکردن و هەواڵپرسینی کەسێک بەکاردێت، تا لەو کەسە دڵنیاببیەوە. هەڵبژاردنی واتساپ لەسەر بنەمای وشەی (Whats up)ی ئینگلیزییەوە هاتوە، بەو پێیەی لە ڕێگەی نامەوە لێی دەپرسی: "چی هەیە؟ دەنگوباست؟ چۆنی؟ یان لە ڕێگەی نامەی دەنگییەوە، بە داگرتنی دوگمەی مایکرۆفۆنەکە لە گۆشەی خواروی ئەپەکە، دواتر تۆمارکردن و ناردنی لە ڕێگەی چاتەوە. (الحجار 2017، 21)

### ئامارە نوێیەکانی واتساپ

### گرنگترین تەکنیک و تایبەتمەندییەکانی واتساپ

- بۆ ناردنی تێکست و وێنە و ڤیدیۆ خێرایە و توانای ئەنجامدانی پەیوەندی دەنگیی و ڤیدیۆیی بە ئاسانی هەیە لە هەر شوێنێک، کە هێڵی ئینتەرنێتی لێبێت.
- لە سیستەمەکانی ئەندرۆیدandroid و ئای ئۆ ئێسios و لەسەر کۆمپیوتەریش کاردەکات.

– ڕیکلام نایەتە ناو ئەپڵیکەیشنی واتساپەوە بەشێوەیەک ئەم تایبەتمەندییە لە بەشێکی زۆر لەو ئەپانە نییە، کە بە خۆڕایین.

– تاکو قەبارەی ١٠٠ مێگابایت دەتوانرێت ئاڵوگۆڕی فایلەکانی وەک وۆرد و پی دی ئێف و پاوەرپۆینت و فایلەکانی دیکەی پێ بکریت.

– لەکاتی گۆڕینی ژمارەی مۆبایل دەتوانرێت پارێزگاری لە نامەکان بکرێت. ( Abdullah Alabullah، 2019، 25)

**دووەم: ئینستاگرام (instagram)**

ئینســـــتاگرام تۆڕێکی بەخۆڕاییە، بۆ ئاڵوگۆڕی وێنە و ڤیدیۆ بەکاردێت و تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە، لە مانگی 10ی ســـاڵی 2010 بەرنامەکە کەوتەکار، ســـەرەتا تەنیا بەرنامەیەک بو بۆ وێنەگرتن بەکاردەهات، دواتر کەوتە ژێر کاریگەری ئینتەرنێت و چوە ناو چەند گروپێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە. پاشـان خۆشـی بو بە یەکێک لە بەرنامەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. (البابيدي 2016، 64).

لە ساڵی 2012 ئینستاگرام لەلایەن کۆمپانیای فەیسبوکەوە کڕدرایەوە و توانیان پێشکەوتنێکی بەرچاو لە ئینسـتاگرامدا بکەن و تەنیا لەماوەی یەک سـاڵ واتە سـاڵی 2013 ژمارەی بەکارهێنەرانی گەیشـتە 150 ملیۆن بەکارهێنەری چالاک و لە ڕۆژێکدا 55 ملیۆن وێنە بەشـێوەیەکی گشـتی لەو ئەپڵیکەیشـنەدا پۆسـت دەکرا. ئینســـــتاگرام لە ماوەیەکی کورتدا توانی ببێتە ڕکابەرەکانی وەک مای ســـــپەیس و تویتەر، کە تا ئێســـــتاش یەکێکە لەو ئەپڵیکەیشـــــنانەی کە بەردەوام ژمارەی بەکارهێنەرانی زیاددەکات. (مرزوك 2020، 81)

**گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئینستاگرام**

– توانای هاوبەشیکردنی تێکست وێنە و ڤیدیۆی هەیە لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا.

– بەکارهێنەر دەتوانێت لە ستۆری ئینستاگرام وێنە و ڤیدیۆکانی دابنێت و دەستکاریان بکات، کە دوای 24 کاتژمێر بەشێوەکی خودکار نامێنێت.

– شـــێوازی جیاوازی تێدایە بۆ دەســـــتکاری کردنی وێنە، لەگەڵ بونی فلتەری جۆراوجۆر بۆ جوانکردنی وێنەکان.

– بەرنامەکە لەسەر کۆمپیوتەر و زۆربەی سیستەمەکانی مۆبایلە زیرەکەکان کار دەکات وەک ئای ئۆ ئێس و ئەندرۆید.

– دەتوانرێت بەبێ ئینتەرنێت وەک بەرنامەیەکی دەســـتکاری وێنە و نوســـینی تێکســـت لەســـەر وێنەکان بەکاربهێندریت. (اخرون 2019، 18)

## سێیەم: فەیسبوک مێسنجەر (Facebook Messenger)

بەرنامەیەکی تایبەتە بۆ گفتوگۆی خێرا، لە لایەن فەیسبوکەوە خراوەتە بەردەستی بەکارهێنەران تا لەگەڵ هاوڕێکانیان گفتوگۆی پێ بکەن و بتوانرێت گروپی تایبەت لەگەڵ یەکتر دروست بکەن، لەو ڕێگەیەشەوە وشە، هێما، وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی بۆیەکتر بنێرن و بیگۆڕنەوە.

فەیسبوک مێسنجەر (Facebook Messenger) بەخۆڕایی خزمەتگوزارییەکانی خستوەتە بەردەم بەکارهێنەرانی، لە ڕێگەی ئامێری مۆبایلی زیرەک و ئایپاد و کۆمپیوتەرەوە بەکاردێت، بەرنامەکە ڕێگەی بە بەکارهێنەرانی داوە، بتوانن ئەو پەیامەی بۆ یەکتری دەنێرن، بزانرێت، کە خوێندراوەتەوە و بینراوە، لەگەڵ ئەوەش دەتوانرێت گفتوگۆی بەکۆمەڵ بکەن وتێکسی، وێنە، ڤیدیۆ، نامەی دەنگی و بابەتەکانیان هاوبەشی پێبکەن، هەمو بەکارهێنەرێک دەتوانێت ئەم بەرنامەیە بەکاربهێنێت و سود لە تایبەتمەندییەکانی وەربگرێت، هەر کاتێک خۆی لە فەیسبوک تۆمار کرد، لەکاتێکدا لە هەندێک لە بەرنامەکانی دیکەی گفتوگۆ خێراکان ئەو تایبەتمەندییە بەردەست نییە. (الأشهب 2017، 39)

### تایبەتمەندییەکانی فەیسبوک مێسنجەر

- لەسەر کۆمپوتەر و سیستەمەکانی مۆبایل وەک ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس کاردەکات.
- بەکارهێنەرانی مێسنجەر دەتوانن شوێنی خۆیان بۆ ئەو کەسانە ئاشکرا بکەن، کە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەن.
- بەکارهێنەر دەتوانێت ئەو بابەتەی ناردویەتی پێش ئەوەی کەسی بەرامبەر بیبینێت ڕەشی بکاتەوە لای هەردو لایەنەکە.
- فەیسبوک مێسێنجەر لەسەر کڵاودە و بابەتەکان لەناو ئەپەکەدا دەمێنێتەوە و ناسڕێتەوە.
- بەکارهێنەرانی مێسنجەر دەتوانن هێڵی فری بەکاربهێنن لەکاتی نەمانی هێڵی ئینتەرنێت تەنیا بۆ ئاڵوگۆڕی نوسین. (حیدر 2018، 143)

## چوارەم: ڤایبەر (Viber)

ڤایبەر ئەپڵیکەیشنێکە بۆ پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاری، بەبێ ئەوەی بەکارهێنەر پارە بدات. لە هەر شوێنێکی جیهان کە، هێڵی ئینتەرنێت هەبێت ڤایبەریش کاردەکات لەو شوێنە. بەکارهێنەری ڤایبەر دەتوانن نامە و وێنە و دەنگ و ڤیدیۆ لە نێوان خۆیان ئاڵوگۆڕ بکەن. ڤایبەر لەسەر لەسەر زۆربەی سیستەمە زیرەکەکانی مۆبایل کاردەکات وەک، ئای ئۆ ئێس، ئەندرۆید، بلاک بێری و ویندۆز و.. هتد. بەکارهێنەران سەرەتا تەنیا دەیانتوانی لەسەر مۆبایل ڤایبەر بەکاربهێنن، بەڵام دوای پەرەپیدانی ڤایبەر لەسەر کۆمپیوتەریش هاتە ئاراوە. ئەمەش وەچەرخانێکی گرنگ بو لە بواری ڕۆژنامەوانی و گەیاندنی هەواڵ و

زانیارییەکان، کە توانرا ڕاســـتەوخۆ داتا و زانیارییەکان بخرێنە ســـەر کۆمپیوتەر. بەکارهێنەرانی ڤایبەر بەردەوام ژمارەیان لە زیادبوندایە، بەپێی نوێترین ئامار زیاتر لە 100 ملیۆن کەس بە زمانی جیاواز هاوبەشی ڤایبەر هەن لە سەرانسەری جیهان. (العبيدي 2020، 106)

ڤایبەر ئەپێکی پەیوەندیکردن و نامە ناردنە کە خەڵک بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە گرنگ نییە کێن یان خەڵکی کوێن. مانگانە ســـەدان ملیۆن کەس لە ڕێگەی ڤایبەرەوە پەیوەندی بەیەکترەوە دەکەن بەخۆڕایی لەگەڵ کەســـــانی ئازیزیان وەک نامە ناردن و پەیوەندی دەنگی و ڤیدیۆیی بە کوالیتی بەرز، هەروەها چەند تایبەتمەندییەکی دیکە. ئەو پەیوەندییانەی لە ڕێگەی ڤایبەرەوە ئەنجامدەدرێن یان چاتی کەسین و هەمویان لە ڕێگەی کۆدی تایبەتەوە دانراون، بۆیە بەکارهێنەر دەتوانێت دڵنیابێت، کە گفتوگۆکانی هەمیشـــە پارێزراون. (V. company 2023)

## تایبەتمەندییەکانی ڤایبەر

– لەسەر کۆمپیوتەر و زۆربەی سیستەمەکانی مۆبایل کاردەکات.

– کوالێتی وێنە و ڤیدیۆکانی بە بەراورد بە بەشێک لە بەرنامەکانی دیکە باشترە.

– لە کاتی پەیوەندیکردن پچڕانی دەنگ کەمترە و بەکارهێنەران بەئاسانی لەیەکتر تێدەگەن.

– لە ڤایبەر بەکارهێنەران دەتوانی پەیوەندی بە کۆمەڵ دروســـتبکەن لەگەڵ ئەو کەســـانەی، کە خۆیان مەبەستیانە ئینجا لە ڕێگەی پەیوەندی دەنگی بێت یان ڤیدیۆیی.

– لە ڤایبەر دەتواندرێت گروپی تایبەت دروســـتبکرێت و بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و زانیاری. (زقوت 2016، 72)

## پێنجەم: تێلیگرام (Telegram)

تێلیگرام ئەپڵیکەیشنێکە ئاسان و خێرا و پارێزراوە، بۆ وەرگرتن و ناردنی بابەتەکانی وەک (تێکست، وێنە، ڤیدیۆ، نامەی دەنگی) و پەیوەندیکردن لەنێوان دو کەس یان لایەن[i] بەکاردێت. (Group 2021, 1) تێلیگرام لەلایەن کەسێکی ڕوسییەوە داهێنرا بەناوی پاڤێل دورۆڤ. بە پێی نوێترین ئامار تێلیگرام مانگانە 200 ملیۆن بەکارهێنەری چالاکی لەســـەرانســـەری جیهان هەیە و بەردەوام ژمارەی بەکارهێنەرانی ڕو لە زیادبونە. بەهۆی لەکارکەوتنی فەیسبوک و مێسێنجەر و ئینستاگرام و واتساپ لە ڕۆژی 2021/10/4 بۆ ماوەی 7 کاتژمێر، تێلیگرام 50 ملیۆن بەکارهێنەری بۆ زیادبو تەنیا لە ماوەی ئەو (7) کاتژمێرەدا[ii]. (Tuja Khaund 2021, 2) لەســـەر مۆبایلی زیرەک و ئایپاد و کۆمپیوتەر کاردەکات. تێلیگرام شـێوازی بەکارهێنانی گۆڕانکاری تێدادەکات و زو زو خۆی نوێ دەکاتەوە. بەشداربوان دەتوانن تایبەتمەندی گروپ

چات بەکاربهێنن و بە ئاسـانی لە نێوان خۆیان زانیاریی و بابەتەکان بۆ یەکتر بنێرن و ئاڵوگۆڕی پێبکەن، هەروەها ئەپەکە وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە و بابەتی تێدا بڵاودەکرێتەوە.

## تایبەتمەندییەکانی تێلیگرام

– لە ڕوی بەکارهێنانەوە سادەیە، ڕوکاری بەرنامەکە زۆر لە بەرنامەی واتساپ دەچێت.

– لەسەر مۆبایل و ئایپاد و کۆمپیوتەر کاردەکات.

– کوالێتی وێنە و ڤیدیۆ لە کاتی ناردن و وەرگرتن لای بەشداربوان بەرزە.

– ئەپی تێلێگرام بە یەکێک لە پارێزراوترین بەرنامەکان دادەنرێت.

– تێلیگرام هاوشـێوەی فەیسـبوک مێسـنجەر لەسـەر کلاودە و بابەتەکان لەناو ئەپەکەدا دەمێننەوە و ناسڕێنەوە. (غولة 2017، 68)

## شەشەم: ئیمەیڵ (Email)

ئامرازی پەیوەندی و گۆڕینەوەی نامەی تێکسـت و وێنە و ڤیدیۆیە، هەروەها یەکێکە لەو ئامرازە نوێیانەی، کە زۆر بەربڵاوە. بیرۆکەی سـەرەتای سیسـتەمی پۆسـتی ئەلیکترۆنی لە کێبڕکێی خۆپرچەککردن لە ساڵی 1969 دروسـت بو، کە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا پڕۆژەی توێژینەوەکانی بەرگری پێشـکەوتوی هێنایە ئاراوە و هـەندێک بودجەی زیاتر تایبـەتکرا بۆ پارەدارکردنی پڕۆژەکە، بۆ دامـەزراندنی یـەکـەم تۆڕی پەیوەندی نێوان بەڵێندەرە هاوبەشـەکانی پرۆگرامی توێژینەوەکە. توێژەرەکان توانیان لە ڕێی تۆڕێکی پەیوەندییەوە داتاکانی نێوان سیستمی کۆمپیوتەری جیاواز لە ڕێی پۆستەی ئەلیکترۆنییەوە بگۆڕنەوە.

لە دەیەی هەشتاکاندا، کاتێک دەستەی نیشتمانی بۆ تەلەفۆن لە فەرەنسا هەوڵیدا تێچوی چاپی ڕێبەرەکانی تەلەفۆن و دابەشـکردنیان کەمبکاتەوە، بیرۆکەی ئەوەی بۆ دروسـت بو، ئەو ڕێبەرانە بگۆڕێت بۆ چەند وێسـتگەیەک لە ماڵەکاندا، تاوەکو بتوانن لە نێوانیاندا نامە ڕەوانە بکەن و نامەیان پێ بگات. ئەم شـێوە دەرکەوتنەی پۆسـتەی ئەلیکترۆنی کە ئێسـتا هەیە، داهێنانی زانای ئەمریکیی ڕای تۆملینسـتۆنە، کاتێک دیزاینی تۆڕی ئینتەرنێتی دانا و پرۆگرامی بۆ نوسـینی نامە داهێنا، بۆئەوەی کارمەندانی کۆمپانیاکە بتوانن لە نێوان خۆیاندا نامە بگۆڕنەوە. پاشان پرۆگرامێکی داهێنا بۆ گواستنەوەی فایل لە ئامێرێکی کۆمپیوتەرەوە بۆ یەکێکی دیکە و دواتر هەردو پرۆگرامەکەی بەیەکەوە بەسـتەوە و پرۆگرامێکی نوێی دروسـت کرد. ئەمەش بوە سەرەتای لەدایکبونی پۆستەی ئەلیکترۆنی لە پایزی 1971دا. (الزعبي 2020، 30)

## تایبەتمەندییەکانی ئیمەیڵ

– بۆ ئاڵوگۆڕکردنی نامەی تێکست، وێنە، ڤیدیۆ و فایل بەکاردێت.

– توانای پارێزراوی(سکیوریتی) بەرزە.

– ئیمەیڵ دەتوانرێت وەک بەڵگەنامە بەکاربهێنرێت چونکە بابەتەکانی ناوی ناسرێنەوە و تێیدا دەمێننەوە.
– بۆ دەستکەوتنی هەلی کار و ناردنی سیڤی بە زۆری لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە دەبێت.
– کوالێتی وێنە و ڤیدیۆکان تێکنادات. (الصوافي 2015، 26)

**حەوتەم: ویترانسفێر (WeTransfer)**

ویترانسفێر لە ساڵی 2009 دامەزراوە بۆ ناردنی ئەو فایل و داتایانەی کە قەبارەیان گەورەیە و بە ئاسانی ناتوانرێت لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشـــنەکانی دیکەوە بنێردرێت. لە ویترانســـفێر داتا و فایلەکان وەردەگیرێت و دەیگۆڕێت بە شـــێوەی لینک.(Saff 2022) لینکەکە ئاســـانکاریی تەواو دەکات بۆ ئەو بەکارهێنەرانەی، کە دەیانەوێت فایل و داتای گەورە بە ماوەیەکی کەم بە هەمان قەبارە و کوالێتی لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ پێبکەن. هاوبەشـان دەتوانن لە یەکجاردا تا قەبارەی 2 گێگابایت بۆ یەکتر بنێرن و بە پێی پێویستی خۆیان کردارەکە چەندبارە بکەنەوە.

**تایبەتمەندییەکانی ویترانسفێر**

١. لە ڕێگەی لینکەوە بەکاردێت
٢. بەکارهێنەر بەبێ خۆتۆمارکردن دەتوانێت ویترانسفێر بەکاربهێنێت.
٣. چارەســەری ئەو فایلە قەبارە گەورانە دەکات، کە ناتوانرێت لە ئەپڵیکەشـن و سـایتەکانی دیکە ئاڵوگۆڕی پێبکرێت.
٤. کوالێتی ڤیدیۆ و وێنەکان تێک نادات و بەکارهێنانی ئاسانە.
٦. دەتوانرێت تا قەبارەی 2 گێگابایت فایل و داتاکان بنێردرێت. (خمايسة 2022، 34)

**لایەنی پراکتیکی توێژینەوە**

پوختەیەک دەربارەی سامپڵی توێژینەوەکە:

لەم بەشەی توێژینەوەکەدا چەند هەنگاوێکی زانستی بۆ دەستنیشانکردنی کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە و پێوەری ڕاســـتی و ڕادەی جێگیری و خســـتەڕوی ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوەکان خراونەتەڕو. لە چوارچێوەی ئەو کـارانەی بۆ لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە ئەنجـامـدراوە ئەم هەنگـاوانەی خوارەوە دەخەینەڕو:

**یەکەم: خستەڕوی زانیارییەکانی فۆڕمی ڕاپرسی و شیکردنەوەی خشتەکان**

خشتەی (١) ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوە

| زانیاری گشتی | | دوبارەبونەوە | % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 71 | 84.5% |
| | مێ | 13 | 15.5% |
| کۆی گشتی | | 84 | 100.0% |

پێدراوەکانی خشتەی(١) ئەوە دەردەخەن، کە زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان وەک پەیامنێر کار دەکەن، لە ڕەگەزی نێرینەن. لەلایەکی دیکەشەوە شیکارییەکە ئەوە دەردەخات، کە تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕەگەزی مێینە وەک پیشەی پەیامنێری تەلەڤزیۆنیی دەرفەتی زۆر نەڕەخساوە، یاخود ڕەنگە، ڕەگەزی مێیینە کەمتر ئارەزوی کارکردنی لە پەیامنێری هەواڵیدا هەبێت.

خشتەی (٢) تەمەنی سامپڵی توێژینەوە

| زانیاری گشتی | | دوبارەبونەوە | % |
|---|---|---|---|
| تەمەن | 23-18 | 5 | 6.0% |
| | 29-24 | 9 | 10.7% |
| | 35-30 | 37 | 44.0% |
| | 41-36 | 25 | 29.8% |
| | 41> | 8 | 9.5% |
| | کۆی گشتی | 84 | 100.0% |

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی(٢) ڕوندەبێتەوە، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە تەمەنییان لە نێوان (30-35)، ساڵیدایە، بە ڕێژەی (44%) لەم ڕێژەیەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە زۆربەی زۆری پەیامنێرانی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان لە نێوان ئەو تەمەنەدان. لەلایەکی دیکەوە لە خشتە و وێنەکە دەردەکەوێت، کە کەمترین سامپڵی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (18-23) ساڵیدایە بە ڕێژەی (6%).

خشتەی (٣) ئاستی خوێندنی سامپڵی توێژینەوە

| زانیارییە گشتییەکان | | دوبارەبونەوە | % |
|---|---|---|---|
| ئاستی خوێندن | بنەڕەتی | 0 | 0.0% |
| | ئامادەیی | 8 | 9.5% |
| | دبلۆم | 26 | 31.0% |
| | بکالۆریۆس | 45 | 53.6% |
| | دبلۆمی باڵا | 3 | 3.6% |
| | ماستەر | 2 | 2.4% |
| | دکتۆرا | 0 | 0.0% |
| | کۆی گشتی | 84 | 100.0% |

ئەنجامەکانی خشتەی(٣) ئەوە دەردەخات، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، بە ڕێژەی (53.6%). ئەمەش ئەوە ڕوندەکاتەوە، کە پیشەی پەیامنێری تەلەڤزیۆنی پیشەیەکی پڕ ماندوبونەوە و کاتی زۆری پێویستە، بۆیە پەیامنێران بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەرفەتیان بۆ نارەخسێت بڕوانامەی باڵاتر بەدەستبهێنن.

خشتەی (٤) ئەزمونی کارکردنی سامپڵی توێژینەوە

| زانیارییە گشتییەکان | | دوبارەبونەوە | % |
|---|---|---|---|
| ساڵانی کارکردن | 1-5 | 12 | 14.3% |
| | 6-10 | 29 | 34.5% |
| | 11-15 | 31 | 36.9% |
| | >15 | 12 | 14.3% |
| | کۆی گشتی | 84 | 100.0% |

بە وردبونەوە لە ئەنجامەکانی خشـــتەو وێنەی (٤) ئەوە نیشـــان دەدات، کە زۆربەی پەیامنێرانی کەناڵە ئاســـمانییە هەواڵییەکان ئەزمونی کارکردنیان لە نێوان (11-15) ســـاڵیدایە بە ڕێژەی (36.9%). ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە زۆربەی ئەو کەســـانەی وەک پەیامنێر لەو کەناڵانە کاردەکەن ئەزمونی کارکردنیان بەشێوەیەکی گشتی باشە.

خشتەی (٥) بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکان لەلایەن سامپڵی توێژینەوە

| کام لەم ئەپانەی خوارەوە بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان بەکاردەهێنیت؟ | | زیاتر لە وەڵامێک هەڵبژێرە | |
|---|---|---|---|
| | | دوبارەبونەوە | % |
| 1 | مێسنجەری فەیسبوک Facebook messenger | 58 | 20.1% |
| 2 | ڤایبەر Viber | 41 | 14.2% |
| 3 | واتساپ WhatsApp | 70 | 24.3% |
| 4 | تێلیگرام Telegram | 55 | 19.1% |
| 5 | ئیمەیڵ Email | 36 | 12.5% |
| 6 | ویترانسفێر WeTransfer | 23 | 8.0% |
| 7 | ئینستاگرام Instagram | 3 | 1.0% |
| 8 | تەکنیکی دیکە | 2 | 0.7% |
| کۆی گشتی | | 288 | 100.0% |

بەپێی ئەنجامەکانی خشـــتە و وێنەی (٥) دەردەکەوێت، کە زۆرینەی ســـامپڵی توێژینەوەکە، بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان واتســـاپ بەکاردەهێنن و لە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی 24.3% ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە پەیامنێران بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکانیان پشتی پێدەبەستن بەهۆی خێرایی و ئاسانی بەکارهێنانی. لە پلەی دوەمیش مێســـنجەری فەیســـبوک دێت بە ڕێژەی 20.1%. لەم ڕێژانەوە ئەوە دەردەکەوێت ئاســـتی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ لەلایەن ســـامپڵی توێژینەوەکەوە ڕێژەیەکی بەرزە و 100%ی پەیامنێرانی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان بەکاریدەهێنن.

خشتەی (٦) ئاستی زانیاری پەیامنێران لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ

| ئاستی زانیاریت لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ چۆنە؟ | دوبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| زۆر باش | 31 | 36.9% |
| باش | 53 | 63.1% |
| کۆی گشتی | 84 | 100.0% |

بەپێی خشتەی (٦) ئەوە دەردەکەوێت، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی زانیارییان لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ باشە بە ڕێژەی 63.1% و لە پلەی یەکەم دێت. هەر لە خشتەکە ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەی 36.9% ئاستی زانیارییان زۆر باشە، ئەمەش ئەوە دەردەخات 100%ی پەیامنێران زانیارییان لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ هەیە بە ڕێژەی جیاواز.

خشتەی (٧) بینینی خول لەبارەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ لەلایەن سامپڵی توێژینەوە

| هیچ خولێکت لەبارەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ بینیوە؟ | دوبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 61 | 72.6% |
| نەخێر | 23 | 27.4% |
| کۆی گشتی | 84 | 100.0% |

ئەنجامەکانی خشتەی (٧) ڕونیدەکاتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە خولیان لەبارەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێوە بینیوە بە ڕێژەی 72.6% کە ڕێژەیەکی بەرزە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی پەیامنێران گرنگی بە خولی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ دەدەن بۆ ئەوەی بە ئاسانی هەواڵ و زانیاری بگەیەنن بە دەزگاکانیان و پەیوەندیان لەگەڵ ببەستنن لە کورترین ماوە بێ ئەوەی گرفت دروست ببێت.

| ژ | پرسیارەکان | بەتەواوی هاورانیم | | هاورا نیم | | نازانم | | هاورام | | بەتەواوی هاورام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاورابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| 10 | تەکنیکەکانی میدیای نوێ بەشێوازی جیاواز بەکاردەهێنم بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان | 0 | 0.0% | 2 | 2.4% | 3 | 3.6% | 40 | 47.6% | 39 | 46.4% | 4.381 | 0.675 | 87.62% |
| 11 | تەکنیکەکانی میدیای نوێ یارمەتیدەرن لە خێرا گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان | 0 | 0.0% | 1 | 1.2% | 2 | 2.4% | 28 | 33.3% | 53 | 63.1% | 4.583 | 0.605 | 91.67% |
| 12 | بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان تێچووی کەمترە | 1 | 1.2% | 7 | 8.3% | 3 | 3.6% | 35 | 41.7% | 38 | 45.2% | 4.214 | 0.945 | 84.29% |
| 13 | هەبوونی تۆڕی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن لەزۆربەی ناوچەکان کارئاسانی بۆ کردووم لە کەڵکوەرگرتنی تەکنیکەکانی میدیای نوێ | 1 | 1.2% | 5 | 6.0% | 8 | 9.5% | 32 | 38.1% | 38 | 45.2% | 4.202 | 0.929 | 84.05% |
| 14 | بوونی تایبەتمەندی (4G) لە سیمکارتی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن هۆکارە بۆکەڵک وەرگرتن لە تەکنیکەکانی میدیای نوێ بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان | 2 | 2.4% | 5 | 6.0% | 10 | 11.9% | 36 | 42.9% | 31 | 36.9% | 4.060 | 0.974 | 81.19% |
| 15 | پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای مۆبایلە زیرەکەکان یارمەتیدەرە بۆ ڕۆژنامەنووسان لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان | 0 | 0.0% | 1 | 1.2% | 1 | 1.2% | 21 | 25.0% | 61 | 72.6% | 4.690 | 0.559 | 93.81% |
| 16 | بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ هۆکارن لە کەمکردنەوەی کێشەی ڕۆژنامەنووسان لەکاتی گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان | 2 | 2.4% | 5 | 6.0% | 1 | 1.2% | 36 | 42.9% | 40 | 47.6% | 4.274 | 0.936 | 85.48% |
| 17 | بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ هۆکارە بۆئەوەی ڕۆژنامەنووسان ئاگادار بن لە فیدباکی کارەکانیان | 0 | 0.0% | 1 | 1.2% | 4 | 4.8% | 34 | 40.5% | 45 | 53.6% | 4.464 | 0.648 | 89.29% |
| 18 | بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ بە پارێزراوتر دەزانم بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دامەزراوەکەم | 1 | 1.2% | 17 | 20.2% | 9 | 10.7% | 28 | 33.3% | 29 | 34.5% | 3.798 | 1.159 | 75.95% |
| 19 | کەڵک وەرگرتنم لە تەکنیکەکانی میدیای نوێ کارئاسانی بۆ کردووم بۆ ڕووماڵکردنی ڕووبەرێکی فراوانی ڕووداوەکان | 1 | 1.2% | 0 | 0.0% | 2 | 2.4% | 41 | 48.8% | 40 | 47.6% | 4.417 | 0.662 | 88.33% |
| 20 | ئەو هەواڵ و زانیارییانەی لە ڕێگەی تەکنیکەکانی میدیای نوێ بڵاو دەکرێنەوە پانتایی کاردانەوەیان فراوانترە | 1 | 1.2% | 3 | 3.6% | 4 | 4.8% | 38 | 45.2% | 38 | 45.2% | 4.298 | 0.818 | 85.95% |
| 21 | لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێوە خێراتر دەتوانم زانیارییەکانی هەواڵ و ڕووداوەکان نوێ بکەمەوە | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 2 | 2.4% | 34 | 40.5% | 48 | 57.1% | 4.548 | 0.547 | 90.95% |
| 22 | فێربوونی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان کاتێکی زۆری پێویست نییە | 2 | 2.4% | 14 | 16.7% | 6 | 7.1% | 33 | 39.3% | 29 | 34.5% | 3.869 | 1.138 | 77.38% |
| 23 | بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان کارمەندی کەمتری پێویستە | 1 | 1.2% | 4 | 4.8% | 2 | 2.4% | 39 | 46.4% | 38 | 45.2% | 4.298 | 0.833 | 85.95% |
| 24 | بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ لە گواستنەوەی هەواڵ و ڕووماڵکردنی ڕاستەوخۆکاندا ئاسانترە بە بەراورد بەڕێگەکانی دیکە | 0 | 0.0% | 0 | 0.0% | 4 | 4.8% | 32 | 38.1% | 48 | 57.1% | 4.524 | 0.591 | 90.48% |
| | کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 4.31 | 0.80 | 86.16% |

خشتەی (٨) بەکارهێنانی تەکنیکەکانی میدیای نوێ بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان لای ڕۆژنامەنوسانی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان

بەپێی ئەنجامەكانی خشتەی (٨) ڕوندەبێتەوە، كە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەكە بەڕێژەی (93.81%)، كە بەپلەی یەكەم دێت پێیانوایە، كە پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای مۆبایلە زیرەكەكان یارمەتیدەرە بۆ ڕۆژنامەنوسان لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەكان، هەروەها ڕێژەی(91.67%)، كە بەپلەی دوەم دێت پێیانوایە، كە تەكنیەكانی میدیای نوێ یارمەتیدەرن لە خێرا گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەكان.

## ئەنجامەكان

١. زۆربەی زۆری ئەو ڕۆژنامەنوسانەی لە كەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەكان وەك پەیامنێر كار دەكەن، لە ڕەگەزی نێرینەن، بەهۆی كولتور و دابونەریتی كۆمەڵگەوە، كە ڕێژەی بریتییە لە 84.5%.

٢. تەمەنی زۆربەی پەیامنێرانی كەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەكان لە نێوان (30 بۆ 35) ساڵیدایە، ئەمەش بەو مانایە دێت، كە كاری پەیامنێری كارێكی پڕ ماندوبونەوە و بەو كەسانە دەكرێت كە لە تەمەنی گەنجیدان.

٣. زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەكە، بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەكان واتساپ بەكاردەهێنن و لە پلەی یەكەمی ئەپەكانی دیكەوە دێت بە ڕێژەی 24.3%.

٤. 100%ی پەیامنێرانی كەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەكان زانیارییان لە بەكارهێنانی تەكنیكەكانی میدیای نوێ هەیە.

٥. زۆربەی پەیامنێرانی كەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەكان خولیان لەبارەی بەكارهێنانی تەكنیكەكانی میدیای نوێ بینیوە و شارەزان لە چۆنیەتی بەكارهێنانی.

٦. پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای مۆبایلە زیرەكەكان یارمەتیدەرە بۆ ڕۆژنامەنوسان لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەكان بەرێژەی(93.81%).

٧. تەكنیكەكانی میدیای نوێ یارمەتی ڕۆژنامەنوسان دەدات لە خێرا گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەكان.

٨. پەیامنێرانی كەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەكان لە ڕێگەی بەكارهێنانی تەكنیكەكانی میدیای نوێوە خێراتر دەتوانن زانیارییەكانی هەواڵ و ڕوداوەكان نوێ بكەنەوە.

## پێشنیاز و ڕاسپاردەكان

لە ڕوانگەی ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر لە توێژینەوەكەی پێیگەیشتوە، ئەم پێشنیاز و ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕو:

١. توێژەر پێشـــنیاز دەکات توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانســـتی و لێکۆڵینەوە لە هۆکاری کەمی بەشداریکردنی ڕەگەزی مێینە وەک پەیامنێر لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکان.

٢. کەناڵە ئاسـمانییە هەواڵییەکان دەرفەتی زیاتر بدەن بە پەیامنێرەکانیان بۆئەوەی بتوانن بڕوانامەی باڵاتر لە بواری ڕاگەیاندن بە گشتی و لە میدیای نوێ بەتایبەتی بەدەستبهێنن.

٣. پێویســـتە دەرفەتی زیاتر بدرێت بەو گەنجانەی، کە تەمەنیان لە (٣٠) ســـاڵ کەمترە بۆ ئەوەی لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان وەک پەیامنێر کاربکەن.

توێژەر پێشـــنیاز دەکات کەناڵە ئاســـمانییە هەواڵییەکان بەردەوام خول و ڕاهێنان بۆ پەیامنێرانیان بکەنەوە بەتایبەتی لە بواری تەکنیکەکانی میدیای نوێ، چونکە گۆڕانکارییەکان لە میدیای نوێدا زۆر خێران و بەردەوام تەکنیکی نوێ دێتە ئاراوە.

٥. توێژەر پێشنیاز دەکات پەیامنێرانی کەناڵە ئاسـمانییە هەواڵییەکان زیاتر گرنگی بە شـێوازی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیـای مۆبـایلە زیرەکەکـان بـدەن، بۆئەوەی بە بـاشـــترین کوالیتی و کەمترین کـات بـابەت و زانیارییەکانیان بۆ دەزگاکانیان بنێرن.

٦. دابینکردنی هێڵی ئینتەرنێتی خێرا و بەردەوام بۆ پەیامنێرانی کەناڵە ئاســـمانییە هەواڵییەکان تاوەکو لەکاتی گواستنەوەی ڕاستەوخۆکان توشی گرفتی دەنگ و ڕەنگ نەبن.

# Applying New Media Techniques for Conveying News and Information by Journalists of Broadcasting News Channels

# (a survey study)

**Ako Ali Omar[1] - Hardawan Mahmoud Kakashekh[2]**

[1+2]Media Department, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Despite the fact that the new media through which people around the world are aware of the up-to-date developments as it is the most widespread form of communication, there are still confusions and unclarities among the journalists of news channels in delivering news and data. This research aims to know whether journalists and members of media have developed the new technics and taken advantage of them, or they had not improved. The distinction and selecting the most suitable applications that journalists increasingly use as new media technics require a scientific way of research in order to clear the confusion properly.

This research is a scientific attempt to identify the level of awareness and usage of the new media technics by journalists of the Kurdish news channels through taking a sample of the channels' correspondents that would indicate what suitable applications and how they are used as a new media technic. The research is qualitative and is conducted through surveys. Questionnaires are responded to by 84 correspondents of the news channels, from which samples are intentionally taken. The respondents' opinion is measured this way. A number of objectives have been achieved in this research. The most important one that the researcher has realized is that the majority of the journalists that work in the news channels are males. Additionally, the majority of the research sample indicates WhatsApp is the most used app. Recommendations are provided at the end of the research.

**Keywords**: New Media, News, Information, Journalist, Broadcasting Channels.

## سەرچاوەکان

ڕۆستی، نەجات(2018.). پەیامنێریی. سلێمانی: چاپخانەی بینایی،

سەپان، مەغدید(2008.). ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژوی چاپخانە. دهۆک: چاپخانەی خانی،

کاکەشێخ(2015.)، هەردەوان مەحمود. میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی. سلێمانی: چاپخانەی کوردستان،

توێژینەوە

سـالّح، هەردەوان مەحمود کاکە شـێخ(2019.)، شـلێر عەلی. ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بەدەسـتهێنانی هەلیکاردا. توێژینەوەی زانستی، هەولێر: گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان،

چاوپێکەوتن

کاکەشێخ، هەردەوان مەحمود(2021)، interview by ئاکۆ عەلی عومەر. زانیاری (9 26, 2021).

اخرون، موهون فريال(2019) و. دور الانسـتاغرام في تحفيز الشـاب الجامعي على العمل التطوعي. بكالوريوس، المسـيلة: جامعة محمد بوضياف.

نبيح، امينة يحيى(2019)، الاتصال الرقمى والاعلام الجديد facebook نموذجا، عمان: دار غيداء للنشر والتوزيع،

الأشـهب، عبدالسـلام(2017). اسـتخدام مواقع التواصـل الاجتماعي "الفيس بوك أنموذجا" و وعالقتها بالتنشـئة الاجتماعية. ماجستير، الوادي: جامعة الشهيد حمه لخضر بالوادي،

البابيدي، ديما زهير(2016). دور الإعلام الجديد في تشكيل معارف الجمهور الفلسطيني و اتجاهاته نحو قضايا المرأة. رسالة ماجستير، غزة: الجامعة الأسلامية.

الحجار، وسيم شفيق(2017). النظام القانوني لوسائل التواصل الأجتماعي (واتس أب، فيسبوك، تويتر). بيروت – لبنان: جامعة الدول العربية.،

الخطاب، فارس(2010). فضائيات العلمي العربي الرقمي. عمان: دار ايلة للنشر والتوزيع.،

الدعمي، غالب كاظم جياد(2017). الاعلام الجديد اعتمادية متصاعدة و وسائل متجددة. عمان: دار امجد للنشر والتوزيع.،

الزعبي، د. لؤي(2020). الإعلام و الاتصال الإلكتروني. دمشق: الجامعة الافتراضية السورية.

السيد، حسن عماد مكاوى، ليلي(2006). الاتصال و نظرياته المعاصرة. القاهرة: دار المصرية اللبنانية.

الصـوافي، عبدالحكيم بن عبدالله بن راشـد(2015). اسـتخدام وسـائل التواصـل الاجتماعي لدى طلبة الحلقة الثانية من التعليم الاساسي. ماجستير، محافظة الداخلية: جامعة نزوى.

العبيدي، سعد سلمان المشهداني، فراس حمود(2020). مواقع التواصل الاجتماعي و خصائص البيئة الاعلامية الجديدة. عمان: دار أمجد للنشر و التوزيع.

الكافى، ماهر عودة الشمايلة، محمود عزت اللحام، مصطفى يوسف(2015). الاعلام الرقمى الجديد. عمان: دار الاعصار العلمي للنشر و التوزيع.

المشابة، بسام عبدالرحمن(2001). نظريات الاعلام. عمان: دار أسامة للنشر و التوزيع.

النبي، سليم عبد(2010). الاعلام التلفزيوبني. عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع.

أمين، رضا عبد الواجد(2015). الإعلام الجديد. القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع.

حسين، فتحى(2011). وسائل الاتصال الحديثة من الجريدة الى الفيسبوک. القاهرة: العربي للنشر و التوزيع.

حيدر، خضـــر إبراهيم. الميديا(2018): مفهومها المعاصـــر و علاقتها بالإعلام الكلاســـيكية. بيروت-لبنان: المركز الاســـلامي للدراسات الأستراتيجية.

خمايسة، فاتن جباعي(2022)، محمد. "wetransfer." صحافة الموبايل 2.0: 34.

زقوت, هشام سمير(2016). استخدام الصحفيين الفلسطينيين لتطبيقات التواصل الاجتماعي من خلال الهواتف الذكية. ماجستير صحافة، غزة: الجامعة الإسلامية.

سكيك، هشام احمد عبدالكريم(2014). دور شبكات التواصل الاجتماعي في توعية الشباب الفلسطينيا بالقضايا الوطنية. رسالة ماجستير، غزه: الجامعة الاسلامية غزه.

شعبان، حمدى(2008). الاعلام الامني و الادارة الازمات و الكوارث. القاهرة: الشركة العربية المتحدة.

شـيخانى، سـميرة(2010). "الإعلام الجديد في عصـر المعلومات." مجلة جامعة دمشـق، المجلد 22، العدد الاول و الثانى: 27-29.

صادق، عباس(2007). "الإعلام الجديد دراسسة في تحولاته التكنولوجية وخصائصه العامة." مجلة الأكاديمية العربية المفتوحة فى الدنمارک العدد 2: 19.

عبدالهادي، رشا عادل(2014)، علي. نظريات الاعلام رؤية جديدة. بغداد: دار الارقم.

غولة، سامي عطاالله أبو(2017). استخدام ذوي الإعاقة البصرية لتطبيقات التواصل الإجتماعي في الهواتف الذكية و الإشباعات المتحققة. رسالة ماجستير، غزة: الجامعة الإسلامية.

محمود، خاليد وليد. شبكات التواصل الاجتماعى و ديناميكية التغير فى العالم العربى. بيروت: دار مدارک للنشر، 2011.

مرزوک، محمد الامين احمد عبد(2020). مواقع التواصـــل الاجتماعي و الحراک الشـــعبي. برلين - المانيا: المركز الديموقراطى العربي.

ناصر، حسني محمد(2015). نظريات الاعلام . ابوظبي: دار الكتاب الجامعي.

. SyrenApp (Application chat). (2019)Abdullah Alabullah, Zakwan Alhassani, Ibrahem al dabaj .Bachelor's Degree, Damascus: Syrian University,

2. Researches

. Data Collection and Sensemaking from (2021)Tuja Khaund, Mainuddin Shaik, and Nitin Agarwal Telegram: A Case Study of Ukrainian Political Leaders Channels and Chat groups. research, Little .Rock: University of Arkansas at Little Rock

.Company, Viber. viber. 12 26, 2022. https://www.viber.com/en/about/ (accessed 12 26, 2022)

.Group, Telegram. Telegram. 10 07, 2021. https://telegram.org (accessed 10 07, 2021)

.Saff, Wetransfe. wetransfer. 05 18, 2022. https://about.wetransfer.com/ (accessed 05 18, 2022)

## پەراوێزەکان:

[i] پێشتر تەنیا تێکست و وێنە و دەنگ لە نێوان بەکارهێنەران ئاڵوگۆڕ دەکرا بەڵام لە نوێترین گۆڕانکاری تێلیگرام تایبەتمەندی پەیوەندیکردن زیادکراوە

[ii] بەهۆی نوێکردنەوە لە کۆمپانیای فەیسبوک و کێشە لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا فەیسبوک و مێسنجەر و ئینستاگرام و واتساپ بۆ ماوەی 7 کاتژمێر لە ڕۆژی 07/10/2021 وەستا.